# ڕەوشی دادوەری و گەندەڵیی کاربەدەستان لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەکانی ١٦-١٨ز (*)

د. موحەممەد گەلاڵەیی
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب)

**پێشەکی**

مێژوونووسی فەرەنسی (لیوسێن فێڤر ١٨٧٨-١٩٥٦)، تێگەیشتن لە مێژووی بە تێگەیشتن لە کۆمەڵی داناوە، واتە: نووسینی لێکۆڵینەوە و چوونە بنجوبناوان لە ڕێگەی کنە و پشکنینی هەر جڤاکێک بە ڕێگەی تێگەیشتن لە مێژووی زانیوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، وەک: چاودێریکردن و پارێزگاریکردن لە دادپەروەری و لەنێویشدا بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنەمایەکی سەرەکی دادپەروەرییە لە نێوان تاکەکانی جڤاکدا، هەرچەندە دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە بە باری ئەرێنی و نەرێنیدا هەر چییەک بن، ئەوە بنەمایەکی بنەڕەتین بۆ تێگەیشتن لە جووڵەی مێژوویی هەر کۆمەڵێک، یان نەتەوەیەک لە چوارچێوەی کات و شوێنی جیاوازدا.

بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە مێژووییەدا باسوخواسی گەندەڵیش وەک نەخۆشییەکی درێژخایەنی نێو کایەی دەسەڵاتداریەتی لایەکی باشی لێ بکرێتەوە، پێویستە لە ڕووی مێژووییەوە تیشکی زیاتری بخرێتە سەر، چونکە گەندەڵیش ئامرازێکی- سیاسی- ئابووری- جڤاکییە بۆ مانەوە و بەهێزبوونی دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی، یان دەوڵەتی لە هەر سووچ و قوژبنێکی جیهاندا بێت، بەڵام هۆکار و مەرجی سەرەکی ڕووخانی دەوڵەتەکەیە، بە کورتی: لە گەندەڵیدا، تاکێک، یان چەند کەس و گرووپی جیاواز لێی سوودمەند دەبن،

بەڵام بەدڵنیاییەوە دەوڵەتێک، یان ئیمپراتۆریەتێک دەڕووخێنن، وەک: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کانوونی یەکەمی ١٨٧٦ مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند و نزیکەی پەنجا ساڵ بە مایەپووچی بەردەوامی بە ژیانی دەوڵەتی خۆی دەدا، بەڵام سەرئەنجام ئەمە دادی نەدا و لە ٣ی ئاداری ١٩٢٤ بە یەکجاری بۆ نێو ڕەفەکانی مێژوو پێچرایەوە، دوای ئەوەی لە یەکەمین شەڕی جیهانی بە دۆڕاو دەرچوو، هۆکاری ئەمەش بەڕێژەیەکی زۆر بەرز بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، ئەمە وانەیەکی زۆر نزیک و زیندووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام زۆر بە کەمی سوودی لێ وەرگیراوە!

لەم باسە زانستییەدا؛ دوو دیاردەی زۆر گرنگ خراونەتە بەر باسی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لەوانە: ڕەوشی دادوەری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەکانی شازدەیەم تا هەژدەیەمی زایینی، چونکە ئەم قۆناغە مێژووییە بە تایبەتی سەدەی شازدە سەرەتای هەژموون و دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییە بە سەر کوردستاندا، ئەیالەتی شارەزووریش وەک ئەیالەتێکی گرنگ و پڕ بایەخی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی عوسمانی لە چاودێریکردنی دامەزراوەکانی پایتەخت (ئیستەنبوڵ) بە دەرنەبوو، هەروەها لە تۆماری گەڕیدە بیانییەکانیش کە سەردانی ئەم ناوچەیەیان کردووە، هەڵاوێرد نەکراوە، بە تایبەتیش لە بابەتی وەرگرتنی دیاری، بەرتیل، سەرانە و باجی بە زۆرەملێ، کە سەرئەنجامەکەی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی گەندەڵی بووە.

ئەیالەتی شارەزوور؛ لە ماوەی ساڵانی ١٥٦٤-١٧٧٩ وەک ئەیالەتێکی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گرنگییەکی ستراتیژیی گەورەی لە مێژووی ئیمپراتۆریەتەکەدا هەبووە، لە سەرەتای هاتنەکایەی تا لکاندنی بە ئەیالەتی بەغدا لە تشرینی یەکەمی ١٧٧٩!، بەپێی قۆناغە مێژووییەکان لە چەندان سەنجەقی جیاواز پێک هاتبوو، بە تایبەتیش لە ڕووی سنووری کارگێڕی و ژمارەی سەنجەقەکانی بە بەردەوامی گۆڕانکاری ڕووی داوە، تا ڕادەیەک ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی لە ژێر ناوونیشانی سەنجەق، گەیشتووەتە (٣٢) سەنجەق، بە کورتی: بۆ ئەوەی خوێنەران سنووری ئەو کاتی شارەزوور لەسەر سنووری ئەو یەکە کارگێڕییانەی ئێستا لەسەر نەخشەی کوردستانی مەزن هەیە بزانن، بۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز ئەم پارێزگایانەی ئێستای باشووری کوردستان و عێراقی گرتووەتەوە، کە ئەمانەن: هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکووک (پایتەختی ئەیالەتی شارەزوور)، دیالە، هەروەها لە دەوڵەتی ئێرانیش بەشێکی زۆری ئوستان و ناوچەکانی؛ خۆرهەڵاتی کوردستان هەر لە نزیکی هەمەدان و کرماشان ڕا تا هەورامانی تەخت و ژاوەڕۆ و شنۆی گرتووەتەوە، بەڵام لە دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (زەهاو)ی نێوان عوسمانی و سەفەوی لە ١٧ی ئایاری ١٦٣٩ز، ئەو ناوچانەی خۆرهەڵاتی کوردستان کە ئاماژەیان پێ کرا لە ئەیالەتی شارەزوور بە یەکجارەکی دابڕینران، بۆیە ئەم وتارە تایبەتە بە ڕەوشی داد و دادوەری و گەندەڵی کاربەدەستانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەکانی شازدەیەم تا هەژدەیەمی زایینی، کە بە کورتی چەند نموونەیەکی هەڵێنجراون لەو ماوە دووروودرێژە مێژووییەدا کە لە ناواخنی ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێ کردووە.

**یەکەم: ڕەوشی داد و دادوەری**

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، دادگە شەرعییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لەیەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان تاکەکانی جڤاکدا هەبوو، بۆیە وەک دامەزراوەیەکی گرنگ

لـە نێـو کۆمەڵێکـی دواکەوتـووی ئـەوکات، بایەخێکـی گەورەیـان لەلایـەن سـوڵتان و حکوومەتـی عوسـمانی لـە ئیسـتەنبوڵ پـێ دراوە، بـە تایبەتیـش بـە دادگـەی ناوچـە دوورە دەسـتەکانی پایتەخت (ئیسـتەنبوڵ)، لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـە ڕووی ئەنجامدانـی کارەکانیـان بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک لـە سەرانسـەری ئیمپراتۆریەتەکـە چاودێـری کـراون، هـەر بۆیـەش دامەزراندنـی قازییـەکان بـە دوو شـێوازی جیـاواز بـووە.

**یەکەمیـان:** دامەزراندنـی قازییـەکان لەسـەر مەزهەبـی حەنەفـی لەلایـەن بەرزتریـن دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی لـە ئیسـتەنبوڵ جێبەجـێ کـراوە.

**دووەمیـان:** دامەزراندنـی قازییەکانـی (شـافیعی، حەنبەلـی و مالیکـی) لەلایـەن بەرزتریـن دەسـەڵاتی ئەیالـەت، واتـە: (والـی)، یـان سـەنجەق (میـری سەنجەق)ـەوە، جێبەجـێ کـراوە، ئەمـەش دوای ڕاسـتاندن و دەربڕینـی ڕەزامەنـدی لەلایـەن سـەرۆکی زانایانـی ئـەو مەزهەبانـەی ئاماژەیـان پـێ کـرا (١)، ئەمـەش ئـەو جیاوازییـە بەرچـاوە دەردەخـات لـە دامەزراندنـی قازییـەکان بەپێـی مەزهەبـە جیـاوازەکان، ئەگـەر وردتـر بڕوانیـن قازییەکانـی سـەر بـە مەزهەبـی حەنەفـی لەلایـەن دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانی دوای ڕەزامەنـدی دامـەزراوەی شێخولئیسـلام دادەمـەزران، ئەمەش لەبـەر ئـەوەی مەزهەبـی فەرمـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی بـووە، بـەڵام دامەزراندنـی قازییەکانـی سـەر بـە مەزهەبی (شـافیعی.. تـاد) بـۆ دەسـەڵاتی والییـەکان و میـری سـەنجەقەکان بەجـێ هێڵـراوە، ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا ئـەو جیاکارییـە مەزهەبییـە قووڵـە لـە نێـو دامەزراوەکانـی عوسـمانی لـە نێـوان مەزهەبـە جیاوازەکانـی یـەک مەزهەبـی سـەرەکی کـە سوننە بـووە دەردەخـات، هەتـا ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ڕووکەشـی و سادەشـەوە بێـت، ئـەوە جیاوازییەکـی ڕوون و ئاشـکرایە و نکوڵـی لـێ ناکرێـت، کـە ئەمـە بووەتـە سـەرچاوەی زۆر جیـاوازی تـر لـە زۆر ڕوو و لایەنـەوە.

سـەبارەت بـە پایـە و مووچـە، قازییـەکان لـە سـەنجەقەکانی ئەیالەتـی شـارەزوور، ئـەوە لـە پایـەی چوارەمـدا بوونـە، بـە مووچـەی مانگانـەی (٣٠٠) ئاقچـە (٢).

هەڵبـەت زۆرینـەی ڕەهـای دانیشـتووانی ئەیالەتـی شـارەزوور کـورد بـوون، لـە سـەر مەزهەبـی شـافیعی بـوون، لەهەمـان کاتیشـدا ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی هەبـوو، ئەمـەش وای کردبـوو ژمارەیەکـی زۆری یەکـەی کارگێـڕی بەناوونیشـانی (سـەنجەق = پارێزگـەی ئێسـتا)ی هەبـن و ژمارەیەکـی زۆری لـە دانیشـتوانی هەبـوو، بۆیـە کێشـەی جۆراوجـۆری کۆمەڵایەتیشـیان تێـدا سـەری هەڵـداون، ئەوەتـا لـە فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانی بـۆ هـەر یـەک لـە میـری میرانـی (بەگلـەر بـەگ) شـارەزوور، قـازی هەریـر و دویـن کـە لـە ڕۆژی ٢٧ی کانوونـی دووەمـی ١٥٦٦ نێـرراوە، تێیـدا بـاس لـە چەنـد کێشـەیەکی بەڕێوەبردنـی دادگەکانـی سـەنجەقی (هەریـر و دویـن)ی کـردووە، کە لە دەرەوەی ڕۆتینی کاری دادگەیـی و چوارچێوەکانـی ئەنجوومەنـی شـەرعی (مجلس الشرع)دا کارەکانیـان کـردووە، بـۆ نموونـە: مـەلا شـافعییەکان (شـافعی مەلالـەری) وەک ئـەوەی دیوانەکـەی عوسـمانی نووسـیویەتی: کـە پرۆسـەکانی مارەبڕیـن (هاوسـەرگیری) بـە ئـارەزووی خۆیـان (مەبەسـتی مـەلا شـافعییەکانە) جێبەجـێ کـردووە، هەروەهـا کاری دادبینـی و بڕاندنـەوەی کێشـە لـە نێـوان خەڵکانـدا بـە ڕۆژ نـا، بەڵکـوو بـە شـەو یەکلاییـان کردووەتـەوە، لەوانـە: مـەلا سـاڵح، مـەلا شـەرەف، مـەلا حوسـێن عەلـی و مـەلا ئیبراهیـم، هەروەهـا بەپێـی تێڕوانینـی ئـەو دامـەزراوە باڵایـەی عوسـمانی ئامـاژەی بـە سـەرپێچییەکی تریـش کـردووە، کـە هەندێـک لـەو مەلایانـە خۆیـان بـە موفتـی نـاو بـردووە!

ئەمــەش بەبــێ ئــەوەی فەرمانــی ســوڵتانییان بــۆ دەرچوێنرابێــت کــە وەک موفتــی دامەزرێنرابــن، کــە بــە پێچەوانــەی حوکمــی پێشــەوا پاکــەکان (زانایانــی پێشــین وەک ئیمامــە مەزنەکانــی نێــو ئیســلام) دانــراوە، بێجگــە لــەوەی کــە هەندێکیشــیان خۆیــان بــە دادوەری شــەرعی (قاضیلق) ناســاندووە، لــە ئەنجامــی لێکۆڵینەوەکانــدا و بڕیــاری کۆتایــی دیوانی عوسمانی بڕیــاردراوە: هەریــەک لــەو مەلایانــە (مــەلا ســاڵح، مــەلا شــەرەف، مــەلا حوســێن عەلــی و مــەلا ئیبراهیــم) لەکارەکانیــان دووربخرێنــەوە، هــەر لــەو بڕیــارە ســوڵتانییەدا پێشــنیازکراوە کاروبــاری دادوەری و کارە شــەرعییەکانی (ســەنجەقی هەریر و دویــن) لــە بەردەمــی ئــەو دادوەرانــەی ئیمپراتۆریەتی عوســمانی دامەزرێنــراون جێبەجــێ بکرێــت (٣).

لــە هەیکەلــی کارگێــڕی ئەیالەتــی شــارەزووردا، مووســڵ وەک ســەنجەقێکی ئەیالەتەکــە بــووە، هــەر لــەو ســەروبەندەدا خەزێنەیــەک لەلایــەن کەســێک بــە نــاوی (موحەممــەدی کــوڕی عــارف) لــە ناوەنــدی شــاری مووســڵ دۆزراوەتــەوە، بۆیــە لــە ڕۆژی ٢٦ی ئابــی ١٥٦٨، داوا لــە میــری میرانــی شــارەزوور کــراوە، کــە ناوبــراو وەک ڕاگیراوێــک لــە بەندیخانــە بەنــد بــکات، هەروەهــا چەنــد داواکارییەکــی تریش لە والیــی ئەیالەتەکــە خواســتراوە. وەک: کۆکردنــەوەی زانیاریــی تــەواو لــە ســەر ناوبــراو و ئــەو پارانــەی دۆزیویەتــەوە، هەروەهــا بــڕی ئــەو دراوانــەی دۆزراونەتــەوە، لــەلای ناوبــراو ماونەتــەوە چەنــدە؟ گریمانــەی ئــەوەش خراوەتــەڕوو کــە لــە ئەگــەری ڕاستــی دۆزینــەوەی ئــەو خەزێنەیــە، ئــەوە پێویســتە قــازی شــارەزوور ڕابســپێررێت بــۆ ئــەوەی ســەردانی شــوێنی دۆزینــەوەی خەزێنەکــە بــکات، هەروەهــا جــۆری ئــەو گۆزەیــەی خەزێنەکەیــش دیاری بکرێــت، کــە لــە چ جۆرێکــە؟ هەتــا ئــەو پرســیارەش کــراوە، کــە ئایــا گۆزەکــە لــە ژێــر دەســەڵاتی (موحەممــەد عــارف)دا ماوەتــەوە، یــان لــە ماڵەوە هەڵــی گرتووە؟ جەخــت لــەوەش کراوەتــەوە کــە لــە ئەگــەری دەرکەوتنــی ڕاستیودروســتی دۆزینــەوەی گــۆزەی خەزێنەکــە، تــەواوی زانیارییــەکان لــە بارەیــەوە بنووســرێت و بــۆ دیوانــی ســوڵتانی عوســمانی بنێررێــت، ئــەوەی جێگــەی تێڕامــان و وردبوونەوەیە، هۆشــیاری ئــەوەش بــە کاربەدەســتانی شــارەزوور دراوە، کــە وریــا بــن لــە دەســتتێوەردانی کەســانێک بــە بیانــووی هەبوونــی ڕق لــەو کەســەی خەزێنەکــەی دۆزیوەتــەوە، ئەمــەش بــە مەبەســتی ڕێگریکــردن لــەوەی کــە ناوبــراو ڕووبــەڕووی بەندکــردن و زوڵمــی ئــەو کەســانە نەبێتــەوە (٤).

مەســەلەیەکی زۆر گرینــگ لــە مێــژووی ئیمپراتۆریەتــی عوسمانی، ئەویش بەڕێوەبردنی زەوییەکان و کۆکردنەوەی داهاتەکانیــان بــووە، بــە تایبەتیــش کۆکردنــەوەی بــاج لــە ژێــر ناوونیشــانی کۆمەڵێــک سیســتمی جیــاوازدا، وەک: (ڕژێمــی ئیلتیــزام (٥)) لــە ســەرچاوە و بەڵگەنامەکانــی نێــو ئەرشــیڤی عوســمانی زۆر کێشــەی جۆراوجــۆر لــە سەرانســەری ئیمپراتۆریەتەکە تۆمارکراون، یەکێک لــەو باســانە ئەوەتــا لــە شــوباتی ١٥٧٥ دیوانــی ســوڵتانی عوســمانی (موڕادی ســێیەم ١٥٧٤ - ١٥٩٥) هــەر یــەک لــە میــری میرانــی شــارەزوور، قــازی هەولێــر و بابانــی ئــاگادار کردوونەتــەوە، کــە ئــەو هاووڵاتییانــەی دانیشــتووی ســەنجەقی بابانــن و لــەو زەوییانــەی کاری تێدا دەکــەن کــە بــە شــێوازی ئیلتیزامــە و لەبندەســتی (میــر ئیســماعیل)ی ســەنجەقی هەولێــر دابوونــە، ئــەوە خاوەندارێتــی زەوییەکانیــان بــۆ خەزێنــەی ســوڵتانی عوسمانی دەگەڕێتــەوە، هەتــا دیوانەکــە گلەیــی ئــەوەی کــردووە، کــە فەرمانــدە ســوپاییەکان (سوباشــلەرک - Subaşların)ی عوســمانی دەســتتێوەردانیان لــە بەرژەوەنــدی ئــەو کەســانە تاوانیــان کردووە، ئەمــەش دژ بــە قانــوون، تۆمــار و ڕێســاکانی عوســمانی، بەتایبەتــی ڕێســای (بادیهــەوا) (٦) هەژمارکــراوە، هەروەهــا ئــەو

فەرمانەی بۆ ئەیالەتی شارەزوور نێرراوە، ئاماژە بەوەدەکات ئەو هاووڵاتییانەی لە سەر زەوییەکانی خەزێنەی سوڵتانی کاردەکەن، تەنیا لەلایەن دادوەران لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش لە حاڵەتی ڕوودان و ئەنجامدانی تاوان، هەتا لە دیاریکردنی جۆری سزاکانیشدا لە سزای مردن ڕا تا بڕینەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەیان، ئەمەش دوای نواندنی ڕەزامەندی و تێهەڵچوونەوەی بڕیاری قازییەکان لەلایەن میری سەنجەقەکانەوە، لەوانە: میری سەنجەقی هەولێر (میر ئیسماعیل)، هەڵبەت ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی سەربازی وەک: فەرماندە سوپاییەکان و دەسەڵاتدارانی ئەیالەت کە بۆیان نییە دەستتێوەردان لە کاروبارە قانوونییەکان بکەن، چونکە دژ بە شەریعەت و قانوون (٧)ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە قەڵەم دراوە، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەم بەدواداچوونانەی نێو دامەزراوەکانی عوسمانی لە سەدەی شازدەیەم بۆ شوێنە هەرە دوورە دەستەکان لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی شایانی لێ وردبوونەوەی زیاترە، بە تایبەتیش لە چاودێریکردنی فەرماندە سوپاییەکان و دەسەڵاتدارەکان، کە ڕێگەیان نەدەدرا دەستتێوەردان لە کاروباری دادگاکان بکەن، چونکە بە دژی شەریعەت، ئەوجا قانوونی عوسمانی هەژمارکراوە، ئەمەش بە ئامانجی سەروەرکردنی قانوون و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری بووە، هەروەها جەختەکردنەوەیەکی بەردەوامیشە لەو نەریتەی، کە بە بەردەوامی دەستتێوەردانی ناڕەوا لەلایەن کاربەدەستانەوە لە کاروباری دادوەری و دادگەکاندا هەبووە.

زۆرجار کێشە و بێنە و بەردەی نێوان دەسەڵاتدارییە خۆجێ و هۆزەکانی کورد باسێکی گەرمی نێو ژوور و ڕێڕەوەکانی دامەزراوەکانی عوسمانی بووە، بە تایبەتی لە بەرپابوون و شەڕ و ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی ئەیالەتی شارەزوور و هێرشکردنە سەر یەکتری لە سەنجەقەکانی ئەیالەتەکەدا، بۆ نموونە: لە هاوپەیمانیەتێکی دوولایەنەی نێوان (بەکر بەگ)ی میری پێشووی سەنجەقی شنۆ و عومەر بەگی میری سەنجەقی لاجان (لاهیجان) لەڕێگەی کۆکردنەوەی هێزی سەربازی هێرشیان کردووەتە سەر دەشتاییەکانی شنۆ، تێیدا پازدە پیاو دەکوژن، سێ ژن و سێ کچیش بە دیل دەگرن، لەگەڵ دزینی پازدە هەزار مەڕ، ئەمە سەرەڕای دزینی پارە و کەلوپەلی ناوماڵی دانیشتووانی سەنجەقەکە، ئەم ڕووداوە وا لە (زەینەڵ بەگ)ی میری سەنجەقی شنۆ کردووە، کە سەرجەمی ڕووداوەکە لە دەفتەرێکدا بنووسێتەوە و بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانی بنێرێت، دیوانی ناوبراویش لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزی ١٥٧٣ فەرمانی بە میری میرانی شارەزوور و قازی سەنجەقەکانی (هەولێر) و (هەریر و دوین) کردووە، کە بۆ کۆی ئەو ڕووداوە بەدواداچوون بکەن و لە ئەگەری ئەوەی ڕووی داوە ڕاست بێت، دەستبەجێ و بەبێ چاوپۆشی لێکردن هەر هەمووی تۆمار بکرێت و جارێکی تر بۆ ئیستەنبوڵی بنێرنەوە (٨).

ناردنی فەرمان بۆ ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور و قازییەکانی هەولێر و هەریر و دوین، بە ئامانجی بەدواداچوونی ورد بووە بۆ ئەو نەهامەتییانەی بەسەر ناوچە دەشتاییەکانی شنۆ هاتووە، ئامانجیش لە هەڵبژاردنی قازییەکانی هەولێر و هەریر و دوین بە هۆی نزیکی ئەم شوێنانە لە ناوچە دەشتاییەکانی لاجان و شنۆ بووە، چونکە ئەو کاتی ناوەندیی ئەیالەتی شارەزوور شاری کەرکووک بوو زۆر لە شنۆ و لاجانێ دوورتر بووە.

لە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، یان ڕووداوی جۆراوجۆری نێوان مرۆڤەکان، خێڵەکان و یەکە کارگێڕییەکانی شارەزوور، هەندێک جار وەک حاڵەت و هەتا دیاردەش، لەو کاتەی چوونەتە بەردەمی

دادوەر بۆ بردنەوەی کێشەکانی نێوانیان ڕووی داوە و پەنایان بۆ شاهێدی دانی بە درۆ بردووە، وەک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا هاتووە، بە تایبەتی لە هێرشی هۆزەکانی بابان بۆ سەر (عیزەددین)ی میری سەنجەقی بابان، کە لە پێشووتردا میری سەنجەقی سرۆچک بووە، دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە فەرمانێکدا میری میرانی شارەزوور و قازییەکانی هەولێر و قەرەداغی ئاگادارکردوونەتەوە، کە هۆشیار بن لە کاری شاهێدی دانی بە درۆ و ساختە، بە تایبەتی بۆ ئەو لایەن و کەسانەی لە هێرشکردنە سەر میری سەنجەقی ناوبراو لە ئەیالەتی شارەزوور تێوەگلاوبوونە (٩)، دیارە مەبەست و ئامانجی ئەو هێرشکارانە شاهێددانی بە درۆ بووە، بۆ ئەوەی خۆیان لە سزادان بدزنەوە، ئەمەش لە دوای ئەوەی هێرشیان کردووەتە سەر میری سەنجەقی بابان، بەڵام ئەم هێرشەی دانیشتووانی سەنجەقەکە بۆ سەر میرەکەیان هۆکاری خۆی هەبووە، کە دیوانی عوسمانی خۆی لێ دزیوەتەوە و ئاشکرای نەکردووە، چونکە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەبوو ڕاستییەکان بخاتەڕوو، بەڵام وا دیارە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبووە!

**دووەم: گەندەڵی کاربەدەستان**

بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ هاتنەکایەی هەر سیستمێکی کارگێڕی، ئەوە گەندەڵیش پەرەدەسەنێت، لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەندەڵی یەکێک لە کێشە هەمیشەیی و نەبڕاوەکان بوو، ئەمەش بە هۆی پانوپۆڕی و فراوانی خاکەکەی و نەبوونی لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسانی کارگێڕی، دارایی و سەربازیدا، کە لە ئەنجامدا بە هۆی ئەم گەندەڵییە زۆرەی نێو ئیمپراتۆریەتەکە لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا مایەپووچبوونی خەزێنەکەی ڕاگەیاند.

ئەیالەتی شارەزوور لە سەر ڕێگەی بازرگانی هیندستان و ئێران بوو، گەڕیدەیەکی زۆری ئەورووپی بە پایتەخت و سەنجەقەکانیدا تێپەڕیون، یان بۆ ماوەیەک تێیدا ماونەتەوە، وەک: گەڕیدەی فەرەنسی ژان پاتیست تاڤێرنێی (Jean Baptiste Taverni-er-1605-1689)، ناوبراویش لە چەند گەشتێکیدا بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، یەکێک لەو گەشتانەشی بۆ شارەزوور لە نیسانی ١٦٤٤ز بووە، کە تێیدا باسی شارۆچکەی شارەزوور (Sherazour)ی کردووە و ئاماژەی بەوەکردووە کە سێ سەنگەری سەربازی هەبووە، کە لە یەکێکیاندا پاشایەک هەبووە، کە هەتا بەرتیلت پێنەدابوایە، ئەوە مۆڵەتی ڕۆیشتنی هیچ کاروانێکی نەدەدا، هەتا شتێکی زۆر سەیریش باس دەکات، کە ئەگەر دیارییەک بچووکیش بووایە، ئەوە هەر وەری دەگرت (١٠)، هەروەها گەڕیدەیەکی تری فەرەنسی - سوێدیش بە ناوی (ژان ئۆتەر)، کە لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٧٤٣ دەگاتە دەردۆری شاری هەولێر، بەڵام نەیتوانیوە سەردانی شارەکە بکات، بە هۆی ئەوەی کە ترسی لە فەرمانڕەواکەی هەبووە، کە باجێکی زۆری لێ وەربگرێت، هەر بۆیە چادرەکەی لە دەشتاییەکانی دەوروبەری هەولێر هەڵدەدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش فەرمانبەری باجی شارەکە، کە بەمە دەزانێت، ڕاستەوخۆ سەردانی دەکات و داوای باجی لێ دەکات، (ژان ئۆتەر)یش دەسماڵێک و هەندێک قاوە بۆ میری سەنجەقی هەولێر دەنێرێت، بەهەمان شێوە پێش ئەوەی بگاتە هەولێریش لەسەنجەقی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) کە هەردوو سەنجەقی ناوبراو لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزووردابوونە، سەرەڕای ئەوەی سنووری هەر دوو سەنجەق زۆر لە یەکترییەوە نزیک بوونە، بەڵام کاربەدەستانی سەر پردەکەی ئاڵتوون کۆپری بە بیانووی هەڵایسانی شەڕی نێوان هۆزەکانی کورد و باجەڵانەکان، ڕێگەی چوونە ناو هەولێر

بە ناوبراو نادەن، بەڵام ڕاستییەکەی ڕێگرییەکە بۆ ئەوە بووە، کە باجی پەڕینەوە لە پردی ئاڵتوون کۆپری بدات، هەرچەندە (ژان ئۆتەر) ئاماژە بەوە دەکات، کە هاووڵاتیی فەڕەنسی لەو کاتیدا لە خاکی عوسمانی باجدانی لەسەر نەبووە، تەنیا بۆ شتومەک و کاری بازرگانی فەڕەنسییەکان گومرگیان لێ وەرگیراوە، وادیارە لە کۆتاییدا ناوبراو دیارییەک بە فەرماندەی هێزەکەی ئاڵتوون کۆپری دەدات و کاربەدەستی سەر پردەکەش ئەو بە کوردێکی (سروشت توند) ناو دەبات و بێ هیوای دەکات لە ناردنی دیارییەک بۆی، ئەمەش دوای ئەوەی فەرماندەی ئاڵتوون کۆپری پێشنیازی بۆ (ژان ئۆتەر) کردووە، کە لە ڕێگەی سەربازێکی ئینکشارییەوە دیارییەکیش بۆ ئەو بنێرێت (١١).

گەندەڵی کاربەدەستانی عوسمانی خوو، کار و ڕەفتارێکی نەبڕاوەیان هەبووە، بۆیە دانیشتووانی ئەیالەتی شارەزوور و ئەو گەڕیدانەی گەشتیان بە ئەیالەتەکەدا کردووە ڕووبەڕووی ڕەفتاری گەندەڵکارانەی کاربەدەستان بوونەتەوە، کە بەشێکی زۆری ئەم ڕەفتارانە سەری بۆ چەوساندنەوە و زوڵمی بەردەوام کێشاوە، کە زەرەرمەندی یەکەم چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی کوردەواری بوونە، بە تایبەتی جووتیار و پاڵەکانی کورد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆچوونێکی زۆر نەرێنی لەلای گەڕیدە ئەوروپاییەکانی هێناوەتە کایەوە، کاریگەریی درێژخایەنی لە سەر بۆچوون و بیرکردنەوەی نەرێنیانەی ئەورووپییەکان و دامەزراوەکانیان هەبووە، هەتا ئەم بۆچوونە نەرێنییەی ئەورووپییەکان کاریگەری لەسەر دوارۆژی دانیشتووانی ئەم ناوچانە هەبووە کە گەڕیدەکان گەشتیان بۆی کردووە.

**ئەنجام**

چاودێریکردنی ڕەوشی دادگەکان یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، بە تایبەتی لە سەدەی شازدەیەمدا کە ئەوکات ئیمپراتۆریەتەکە لە بەهێزترین ساتەکانی حوکمڕانی خۆیدا بوو، کە دامەزراوەکانی بە تەواویی لە گەندەڵی دارایی، کارگێڕیی و ئەخلاقی تێوەنەگلابوون، هەر بۆیە چاودێرییەکی توند لەسەر کاری دادوەران (قازییەکانی شەرعی) هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەزهەبە فەرمییەکەی حەنەفی بووە، کە جیاوازی لەگەڵ مەزهەبی باوی کوردستان و شارەزوور هەبوو، بەشێوەیەکی گشتی کورد هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە لە کوردستان مەزهەبی شافیعی قەبووڵ کردووە، بۆیە لەگەڵ ناوهێنانی قازییەکانی شەرعی لە شارەزوور، ناوی مەزهەبەکەشیان دەهێنێت، ئەمەش بەجیاکارییەکی زۆر دیار لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ناوخۆیی یەک مەزهەب دادەنرێت و ئەم جۆرە بیروبۆچوونە لە سەردەمەکانی پێشووتردا زۆر بە زەقی بەدی نەکراوە، بۆیە چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ کاری دادگەکانی سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەو سەردەمیدا زۆر گرنگ بووە بۆ مەبەستی بەرپاکردنی دادپەروەری و هێنانەکایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان دانیشتووانی شارەزووردا.

وەک هەردوو گەڕیدە (ژان پاتیست تاڤێرنێی و ژان ئۆتەر)، لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم، ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە گەندەڵی کاربەدەستانی عوسمانی لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور دەکەن، بەڵام ئەگەر بۆ بەڵگەنامەکانی عوسمانی بگەڕێینەوە، گەندەڵی لە سەدەی شازدەیەم زۆر کەمتر بووە، بەڵکوو لێپێچینەوەی زۆر توندیشی لە سەر کراوە، بە تایبەتی لەو

**بەڵگەنامانەی لە تەوەری یەکەمی ئەم نووسینەدا خستمانەڕوو بە ناونیشانی: (ڕەوشی داد و دادوەری)، کە چۆن لێپێچینەوە لەگەڵ قازییە شەرعییەکان کراوە، بەڵام بە هۆی فراوانخوازی و پانووپۆڕی خاکی عوسمانی و بەردەوامی شەڕ و شکستەکانی عوسمانی لە سنوورەکانی خۆرهەڵات و ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکەی، ئەوە بەرە بەرە گەندەڵی پەرەی سەندووە، هەتا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پەڕینەوە لە پردێکی وەک (ئاڵتوون کۆپری- پردێ) دەبووایە دیاری و بەخشش بە کاربەدەستەکانی بدات، نەک هەر بۆ ئەو کەلوپەلانەی لە کاروانەکەیدا هەبووە، بەڵکوو بۆ خودی ئەو کەسەی ویستوویەتی لە پردەکەی شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) بپەڕێتەوە!، جا ئەم بارودۆخە یەک دەرئەنجامی خەمهێنەری هەبوو، کە کۆتاییەکەی مایەپووچبوون و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو.**

**لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) أ.م. د.علي كامل حمزة السرحان، النظام القضائي في الدولة العثمانية (١٦٣٨ - ١٧٤٨م) دراسة تاريخية، مجلة الباحث، العدد (السابع والعشرون)، ٢٠١٨، ص ٢٠٩.

(٢) المصدر نفسه، ص٢١٠ - ٢١١.

(٣) فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية في أواخر عهد السلطان سليمان القانوني، تقديم: خالد ارن، المجلد٣، مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية، Basıldığı yer، استانبول، ٢٠١٤، ص١٤٠ - ١٤١.

(٤) فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية: الولايات العراقية في عهد السلطان سليم الثاني ٩٧٤ - ٩٨٢هـ/ ١٥٦٦ - ١٥٧٤م، تقديم: خالد ارن، المجلد٦ - القسم الثاني، مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية، Basıldığı yer، استانبول، ٢٠١٧، ص ٧٤-٧٥.

(٥) سیستمی ئیلتیزام: لەسەردەمی سوڵتان موحەممەد فاتیحی دووەم (١٤٥١-١٤٨١ز) لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێنرایە کایەوە، کە کۆمەڵێک لە بەڵێندەران (الملتزمين)، یان (قۆنتەراتچی باج)ی ڕاسپاردن بۆ کۆکردنەوەی باج لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەدا، ئەمەش بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە دارایی زانراو بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو کە ملکەچی سیستمی دارایی عوسمانی بووبێت، ئەم جۆرە سیستمە لە کۆکردنەوەی باج پێویستی بە هێزێکی گەورەی مرۆیی هەبوو، بە تایبەتی بۆ ئەو باجانەی کە بە سەر هاووڵاتییانی ئیمپراتۆریەتەکە سەپێنرابوو، ئەم سیستمی ئیلتیزامە لە دوای ڕەتکردنەوەی سیستمی باجی کۆنی سەردەمی سوڵتانەکانی پێش سوڵتان موحەممەد فاتیحی دووەم هاتبووەکایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە: د.حسان حلاق و د.عباس صباغ، المعجم الجامع في المصطلحات العثمانية، دار النهضه العربية، بيروت - لبنان، ٢٠٠٩، ص ٢٢٥.

(٦) بادیهەوا: (بادهوا - Bad-i Hava) لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبی و فارسی وەرگیراوە، چونکە وشەی یەکەم لە زمانی فارسیدا: (باد) لە فەرمانی (بودن)ـەوە هاتووە و بۆ تاکی نادیار بەکاردەهێنرێت، کە بە واتای (نادیار) دێت، سەبارەت بە وشەی دووەم: (هەوا - هواء) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای هەوا و ئاووهەوا دێت، بەڵام لە زمانی عوسمانی بە تێکڕایی بە وشەی (بادیهەوا - بادهوا) دەگوترێت باجی پەرشوبڵاو، یان باجی نادیار، ئەمەش لەبەرئەوەی پێیان گوتووە: باجی نادیار (پەرشوبڵاو)، چونکە لە دەرەوەی سیستمی دارایی عوسمانی بووە، بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە لە ساڵی ١٥١٩ز لە قانوونامەی سەنجەقی گالیبولی بەکارهاتووە، لە سەرەتادا وشەی (طيارات) لە شوێنی بادیهەوا بەکاردەهێنرا، ئەم وشەیە

تا سەدەی هەژدەیەم پەیڕەوی لێ دەکرا، ئەم جۆرە باجە دەخرایە سەر نۆ جۆر لە وەرگرتنی باج:

**یەکەم:** دارایی تاوان بۆ تاوانەکانی کوشتن کە سزاکەی بۆ پارە دەگۆڕرا.

**دووەم:** دارایی تایبەت و گشتی ئەو کەسانەی کە پارە و داراییان لە دوا بەجێ دەما، بەتایبەتیش کە لە پاش مردنیان میراتگری شەرعییان دیارنەبوو.

**سێیەم:** ماڵی نادیار کە کەسێکی نەبوو وەک میراتگری بێت.

**چوارەم:** ماڵ و دارایی دەستبەسەرداگیراو، کە شوێنی خاوەنەکەی نادیار بوو.

**پێنجەم:** باجی زاوا و بووکانە.

**شەشەم:** باجی تاپۆ بۆ ئەو کێڵگانەی کە خاوەنەکانیان دیارنەبوون.

**حەوتەم:** باجی کەسانی هەڵاتوو و دەربەدەر، کە دواتر وەک کۆیلە دەناسێنران، یان دەکڕدران و دەفرۆشران.

**هەشتەم:** باجی ئەو جووتیارانەش بوو کە لەزەوی سیپاهیەکان کاریان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا خەریکی کاری بازرگانی بوون.

**نۆیەم:** ئاژەڵی ونبوو واتە: ئاژەڵی بێخاوەن. لە ئەنجامدا ئەم جۆرە باجە ڕێژەیەکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵکوو لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی لە بڕەکەیدا هەبووە، لە کۆتاییدا داهاتەکەیشی بەسەر سێ شوێندا دابەش دەکرا، **بەشی یەکەم:** بۆ ئەو تیمارەی کە ئەو باجەی لێ کۆکرابووەوە، **بەشی دووەم:** بۆ ئەو سەنجەقەی کە تیمارەکەی لێ بووە، **بەشی سێیەم:** لە دەفتەرێکدا بەناوی گوندەکە تۆمار دەکرا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم زاراوەیە: بڕواننەوە ئەم سەرچاوانە: د.صالح سعداوي صالح: مصطلحات التاريخ العثماني، معجم موسوعي مصور، المجلد الأول، من إصدارات دارة الملك عبدالعزيز، الرياض، ٢٠١٦، ص ٢٣٠. و ا.د. الصفصافي أحمد قطوري، القاموس عثماني-تركي - عربي معجم صفصافي(٢)، ط٢، بدون.م.ط، القاهرة، ٢٠١٢، ص ١٣٣. و

Halil SahilliOğlu (1991); ``Bad-i Hava``، Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedi-si، cilt 4، Türkiye Diyanet Vakfı، İstanbul، S416-418.

(٧) فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية، المجلد٦، ص ٣١-٣٢.

(٨) فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية، المجلد٦، ص ٥٧-٥٨.

(٩) فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية، المجلد٦، ص ٦٢-٦٣.

(١٠) تاڤرنييه، رحلة الفرنسي تاڤرنييه إلى العراق في القرن السابع عشر سنة ١٦٧٦، ترجمة: كوركيس عواد و بشير فرنسيس، الدار العربية للموسوعات، بيروت - لبنان، ٢٠٠٦، ص ٤٧.

(١١) جان أوتر، العراق والخليج العربي في رحلة جان أوتر (١٧٣٦-١٧٤٣)، ترجمة: خالد عبداللطيف حسين، مراجعة: د. أنيس عبدالخالق محمود، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٥، ص ٢٥١-٢٥٤.

(*) ئەم وتارە زانستییە لە ناواخنی تێزی دوکتۆراکەمان بە ناونیشانی: (ئەیالەتی شارەزوور لە ماوەی ساڵانی ١٥٥٤- ١٧٧٩ز/ لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی کارگێڕی و جڤاکی و ئابووری و ڕامیاری) سەرڕێژ بوو، بۆیە بە پێویست زانرا لە دوای پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی لە چوارچێوەی وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و سەربەخۆدا بڵاوبکرێتەوە، ئێمەش گۆڤاری (ڕامان)مان بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵبژارد، چونکە ناواخنی ئەم کارە زانستییە بە بەڵگەنامەی عوسمانی دەوڵەمەندە، هیوادارم خوێنەران و توێژەران بە هاوتەریب لەگەڵ تێزی دوکتۆراکەم سوودی لێ ببینن. **(نووسەر)**